# لینین و ئەدەب و هونەر
# نامەکانی لینین

بەشی سێیەم

ئامادەکردن و وەرگێرانی
مەحموود محەمەد عوسمان



یەکسەر وەڵامی نامەکەتم نەدایەوە ، (( لە سەرەتاوە مەسەلەکە زۆر نامۆ دیارە لە یەکەم تێروانینەوە ))تارادەیەک شەڕێکی توند روویدا لە نێوان من و ئال . ئال لە دەستەی نووسەران ، هۆی ئەو شەرە یان بەشێکی ئەگەرێتەوە بۆ وتارەکەت (11) ....
ئم ...ئم.....وابزانی قسە ئەکەم ، هیچ قسەیش ناکەم ، نە لەو شوێنە و نە بەو بۆنەیشەوە :
مەسەلەکە بەم شێوەیە روویدا .

پەڕتوکی ( لیکۆلینەوە لەسەر فەلسەفەی مارکسیزم ) تارادەیەک توند وتیژی جیاوازیەکانی فراوان کرد کە لەنێوان بەلشەفیکییەکاندا هەبوو لە مەسەلە فەلسەفییەکاندا . من ئەو توانایە لەخۆمدا نابینم کە بتوانم بە نووسین ئەم بابەتانە چارەسەر بکەم . بەلام بە بەردەوامی و بەپەرۆشەوە بەدوای سیمینارە حزبییەکاندا بووم لە فەلسەفەدا ، لەدەستپێکردنی خەباتی بلیخانۆڤ دژ بە میخاییلوفسکی و هاوپەیمانانی لە کۆتای سەدەی نۆیەم تا 1895 ، هەروەها خەباتی خودی بلیخانۆف دژ بە کانتییەکان لە سالی 1898 و ئەوەیشی کە بەدوایەوە دێت ( ئەلێرە تەنها بە شوێنکەوتنی رووداوەکان نەوەستام ، بگرە لە بەشێکی بەشداریم کرد وەک ئەندامێکی دەستەی نووسەرانی (( زاریا )) لەسالی 1900 ) ، هەروەها لە خەباتی دژ بە ئەزموونگەرە رەخنەگرەکان و هاوپەیمانانی .

و بەدوای دانەرەکانی بۆغدانۆفدا بووم لە فەلسەفەدا ، لە دەرچوونی پەڕتوکە بەهێزەکەی ( روانگەی مێژویی بۆ سروشت ) کە بە وردی خوێندمەوە ئەو کاتەی لە سیبریا بووم . هەلوێستی بۆغدانۆف تەنها گواستنەوە بوو بۆ تیروانینە فەلسەفییەکانی تر .لەسالی 1904 وەک کەسایەتی ناسیم و هەر یەکێ پەڕتوکی خۆی پێشکەش بەوی تر کرد :(( هەنگاو ەکانم )) (12) پێشکەش کرد و ئەویش یەکێ لەدانەرە فەلسەفییەکانی پێشکەشکردم کە ئەو کاتە لە چاپ دەرچووبوو (13)، دوای ئەوە بەکەمێک بۆم نووسی ( لە بەهاری سالی 1904 یان پێش هاوینی ئەمساڵ ) لە جنێفەوە بۆ پاریس ، ئەلێم نووسینەکانی بەهێزەوە دەستم لەوە ئەکشنێتەوە کە باوەر بە راستی بیر وبۆچوونەکاني بکەم ، وباوەرێکم پێ ئەبەخشێ بەدرووستی بیر وبۆچوونەکانی بلیخانۆف .

ئەو کاتەی لەگەل بلیخانۆفدا کارم ئەکرد ، چەند جارێک دەربارەی بۆغدانۆف قسەم لەگەل کرد . بلیخانۆف هەڵەی بیروباوەری بۆغدانۆفی بۆ شیکردمەوە . بەلام وای بۆ نەئەچوو کە هەلەکانی گەشتبێتە ئاستێک ئیتر دەستی لێبشوری . بەتەواوەتی لەبیرمە کە من و بلیخانۆف لە هاوینی سالی 1903 لە جنێف گفت وگۆمان کرد ، بەناو دەستەی نووسەرانی ( زارایا ) لەگەل نوێنەری دەستەی نووسەرانی ( لێکۆلینەوە لە دیدگای ریالیزمەوە بۆ جیهان ) (14) رەزامەندی خومانمان دەربری بۆ بەشداری لەگەڵیان ، من دەربارەی کشتوکال و بلیخانۆف دەربارەی فەلسەفە دژ بە ماخ . مەرجی بلیخانۆف بۆ بەشداریکردن ئەوەبوو کە وتارەکەی دژ بەماخ بلاوبکەنەوە . نوێنەری ( لێکۆلینەوە ) کان بەتەواوەتی قایل بوو بەم مەرجە . بلیخانۆف پشتگیری لە بوغدانۆفدا بەدی ئەکرد ئەو کاتە وەک لایەنگرێک لە خەبات دژ بە لادەرەکان (تەحریفییە ) ، بەلام لاینگرەکە هەلە ئەکات تا بەشوێنی ئوستفالدەوەی و دوایش بەدوای ماخەوە بێت.

له هاوینی 1904 و پایزەکەی بە تەواوەتی لەگەل بۆغدانۆفدا یەکمان گرت ، وەک بەلشەفیک بوونمان و ئەو پەیمانە بێدەنگەمانە بەست لەگەڵ یەکتری ، کە فەلسەفە بە بێدەنگی دوورئەخاتەوە، وەک مەودایەکی بێلایەن . ئەم هاوپەیمانەیشە بەردەوام بوو بەدرێژایی شۆرش ، وماوەی پێداین لە شۆرشدا کار بکەین ، لە تەکتیکی سۆسیال دیموکراتییە شۆرشگێرەکان ( بەلشەفیک ) ئەوە تاکە راستییەک بوو بە گوێرەی بیرو بۆچوونم و قەناعەتم .
لە گەرمەی شۆرشدا لەبەر نەبوونی ماوە بایەخێکی کەمم دا بە فەلسەفە . لە ساڵی 1906 بۆغدانۆف لەزیندان پەڕتوکی تری نووسی ، وادەر ئەکەوێ کە بەشی سێیەمی ئەزموونە یەکلایەنانە بوو (التجربه االاحادیه ) . هاوینی هەمان سال پەڕتوکەکەی پێشکەشکردم ، منیش بە وردییەوە خوێندمەوە . هەر کە خوێندمەوە ، توڕە بووم و عەقل لەکەلەلمدا نەما ، بەشێوەیەکی روونتر بۆم دەرکەوت ئەو بە تەواوەتی بەرێگایەکی نادرووستدا ئەروات ، رێگای مارکسیزیم نییە . ئەوکاتە نامەیەکم بۆ نووسی ( وەک دانپێنانێک بەخۆشەویستی )، نامەیەک بوو لەسەر فەلسەفە بە قەوارەی 3 دەفتەر . لەو نووسینەدا بۆیم روونکردەوە کە من مارکسیزمێکی سادەم لە فەلسەفەدا . بەلام وتارە ئاسان و رۆشنەکانی کە بەشێوەیەکی نایاب نووسراوە باوەری پێهێنام بەتەواوەتی کە ناوەرۆکێکی هەڵەی هەیە ، و راستی بیر ورای بلیخانۆف دەرئەکەوێ . ئەم دەفتەرانەم پێشان هەندی لە برادەرانم دا لەنێوانیاندا ( لوناتشارسکی ) و بۆ ماوەیەک بیرم کردووە بە چاپی بگەیەنم لە ژێر ناونیشانی ( تیبینییەکانی مارکسیزمێکی سادە لە سەر فەلسەفە )بەلام ئەو کارەم نەکرد . وئێستە پەشیمانم کە یەکسەر چاپم نەکرد . پێش چەند رۆژێک نووسینێکم بۆ بترسبۆرغ نارد داوای ئەوەم کرد کە بگەرێن بە شوێنی ئەو دەفتەرانە و بۆمی رەوانە بکەن .
ئێستە نووسینی ( لێکۆلینەوە لەسەر فەلسەفەی مارکسیزم ) دەرچووە ، هەموو وتارەکانیم خوێندەوە تەنها وتاری سوفوروف نەبێ ( ئێستە ئەوەم بەدەستەوەیە و ئەیخوێنمەوە )، لەگەل هەموو وتارێکدا کەفوکوڵم بەرز ئەبووەوە و ئەکولام لە بێزاریدا ، نەخێر ئەمە مارکسیزم نییە . رەخنە گرە ئەزموونگەرەکانمان و خاوەنی ئەزموونگەری یەکلایانە و ئەزموونگەری هێما (رەمزی ) بەرەو زەلکاو ئەرۆن . کە بۆ خوێنەری بسەلمێنی کەوا ( باوەرهێنان ) بە ریالیزمی جیهانی دەرەوە (( سۆفییەتە )) ( بازارۆڤ ) ،و تێکەلی بکەیت بەشێوەیەکی نادروست لە نێوان ماتریالیزم و کانتیزم ( بازارۆڤ و بۆغدانۆف ) ، و بانگێشەیەکی نەزانیین ( اللاادریه ) بکات ( کە ئەزموونگەری رەخنەگرانەیە ) ، و لە ئایدیالیزمدا ( ئەزموونگەری یەکلایانە )، و فێری کرێکاران بکەی (( بێ ئاینی )) و پەرستنی وزە بەها مرۆڤایەتییەکان ( لۆناتشارسکی ) ،و بانگەشەی رێنمایەکانی ئەنجلس بکەیت لە دیالیکتیکدا سۆفییەتە ( بیرمان )، و ئەسکوێگرتن لە سەرچاوەیەکی بۆگەن (بۆ وەزعییەکان ) ئەفرسیین نەکرات – نەزانینەکان ( لائەدریەکان ) و میتافیزیقییەکان خاوەنی (( تێوری هێمایی ئەپستمۆلۆجی (النظریه الرمزیه للمعرفه ) )) ( یوشکافیتیش )،
با شەیتان هەموویان بباتەوە _ نەخێر ئەمە هەموو سنوورەکان ئەبرێ !! بەلێ . ئێمە مارکسیزمێکی سادەین ، خەلکانێک کە فەلسەفەیان زۆر نەخوێندووەتەوە . بەلام بۆ وا خراپەمان لەگەڵ ئەکەن ،کەوا ئەم شتانەمان پێشکەش ئەکەن گوایە ئەمە فەلسەفەی مارکسیزمە ؟ هەردوو دەست و هەردوو قاچم و سەرم ببرنەوە ، لەوە باشترە کە بەشداری بکەم لە رۆژنامەیەک یان لە دەستەی نووسەرانێک کە بانگەشەی شتی وابکات .
جارێکی تر تاسەو پەرۆشییەک دایگردم بۆ ( تێبینیەکانی مارکسیزمێکی سادە دەربارەی فەلسەفە ) دەستم کرد بە نووسینی . لەکاتی خوێندنەوەم بۆ ( لێکۆلینەکان ) ، تێروانینەکانم بە شێوەیەکی شەفاف و رۆشن ئارەستەی ئال . ئال کرد .
ئێستە پرسیار ئەکەی ئەمانە هەمووی چی پەیوەندییەکی بە وتارەکەی منەوە هەیە ؟ پەیوەندییەکەی ئەوەیە کە تۆ لەو وتارەی کە ناردبووت بۆ پرۆلیتاریا بەشێوەیەکی رۆشن تێروانینی خۆت ئارستەکردووە لەروانگەیەکی تاکەوە ، لەکاتێکدا هەرەشە لە سەرهەلدانی توند و تیژی جیاوازییەکان ئەکەیت لە نێوان بەلشەفیکییەکاندا .
راستی ئەوەیە کە من نازانم لە کۆتاییدا چی لەتوێ دەستت دەرئەچێت و چۆن ئەبێ . ئەوەیشی بخە سەر من لەو بروایەدام کە هونەرمەند ئەتوانێ لە هەر فەلسەفەیەک شتی زۆر بەدەست بێنێ کە سوودی لێ ببینێ ، لەکۆتاییدا من وای بۆئەچم بەتەواوەتی تۆ ئەتوانی لە مەسەلەکانی داهێنانی هونەری ، هەموو کتێبەکان بخوێنیتەوە ، و ئەتوانی کە ئەم جۆرە بیروباوەرانە بەدست بهێنی لەو تاقیکردنەوە هونەریانەتە و لە فەلسەفە پێکەوە ( ئەگەر ئایدیالیزمیش بێت ) ، بگەیتە ئەنجامێک کە سوودێکی بەنرخی هەبێ بۆ حیزبی کرێکاری . ئەمانە هەمووی راستن . لەگەل ئەمانەدا ئەوەی لەسەر ( پرۆلیتاریا )یە ، ئەبێ بێ لایەنییەکی رەها بێت لە سەرهەموو جیاوازییەکانمان دەربارەی فەلسەفە و نابێ کۆمەلی هۆ

بدەیتە دەستی خوێنەرەوە وا لە مرۆڤ بکات کەئەم دوو ڕەوتە بەیەکەوە پەیوەست بکات ،پەلشەفیکییەکان وەک لایەنێک و هێڵێکی تەکتیکی لە باڵێکی شۆڕشگێری لە سۆسیال دیموکراتییەکان وئەزموونگەرە تاقیگەرەکان یان ئەزموونگەرە یەکلاییەکان .

دوای ئەوەی کە وتارەکەتم بۆ چەند جارێک خوێندەوە ، وبە ئا ،ئام وت ،من دژی بڵاوبوونەوەیم ، ڕەنگی وەک هەورێکی ڕەش هەڵگەرا ، گەشو هەوایەکی جیابوونەوە بەسەرمانە باڵی راکێشا . دوێنێ هەر سێ ئەندامی دەستەی نووسەرانمان بانگێشت کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرئەم مەسەلەیە ، و لەوێ یارمەتییەکی چاوەڕوان نەکراومان بەدست کەوت لەئەنجامی هەڵەیەک کە لە ( نیوزینت )دۆزیمانەوە . وەرگێرێکی نەناسراو لە ژمارەی 20 ئاماژەی بۆ پێشەکی وتارەکەی بۆغدانۆڤ کردبوو ( بە بێ هۆ ) کە لەسەر ماخی نووسیبوو ، وتبووی جیاوازییەکان لە نێوان بلیخانۆف و بۆغدانۆف بەرەو جیاوازی جیابوونەوە ئەڕوات لە نێوان بەلشەفییکییەکان و مەنشەفیکیەکاندا لە سۆسیال دیموکراتییەکانی روسیا .

ئەم دەبەنگە ( یان دەبەنگەکان ) ، نووسەری ئەم پێشەکییە بە وشەکانی یەکیخستین ، یەکسەر ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی پێویستە بێلایەنیمان ئاشکرا بکەین لە یەکەم ژمارەی ( پرۆلیتاریا ) ،و ئەمە تا رادەیەکی باش ڕێک بوو لەگەڵ خو و ڕەوشتی من دوای دەرچوونی ( لێکۆڵینەوەکان ) . ئاگادارییەکەمان بە هاودەنگی هەمووومان نووسی ، وسبەینێ لە ژمارەی بیست و یەک 21 بڵاو ئەبێتەوە و بۆت ڕەوانە ئەکەین .

دەربارەی وتارەکەت ، بریارماندا لێکۆڵینەوەکەی لەسەر دوا بخەین تا بە سێ نامە لەگەڵت ڕۆشنی بکەینەوە کە لەلایەنی هەر سێ دەستەی نووسەرانەوە ئەنووسرێ ، ودوای من و بۆغدانۆڤ پەلە ئەکەین لە بینینت ،

لەسەر ئەم ڕۆشناییە ، چاوەڕێ نامایەک بکە لە لایەن ئا . ئا . و نامەیەک لە ئەندامی سێیەمی دەستەی نووسەران کە لەسەری بۆم نووسیت .

بەڵام من لەوەبروایەدام کە پێویستە بیر ورای خۆمت بە راشکاوانە پێ بڵێم . من وای ئەبینم کە شەر لەنێوان بەلشەفیکییەکاندا لە مەسایلی فەلسەفەدا کارێکە دەربازبوونی نییە ، بەڵام جیابوونەوە لەسەر ئەوە دبەنگییە . ئیمزای کارێکی هاوبەشمان کرد بۆ جێ بە جێ کردنی تەکتییکێکی دیاریکراو لە حیزبی کرێکاری ، و ئەم تەکتیکەمان پەیرەو کرد و ئیستەیش بەردەوامین لە پەیرەوکردنی بە بێ جیاوازی ( تەنها جیاوازییەک کە هەبوو پەیوەست بوو بە بایکۆت ( مقاطعه ) کردنی دۆمای سێ ، بەڵام ئەم جیاوازییە نەگەشتە ئاستی تەنانەت ئاماژەکردن بۆ جیابوونەوە ) . ئەمە یەکەم ، هەروەها ئەم جیاوازییە ڕێک نەبوو ، وجیاوازییەکان لە نێوان ماخییەکان و ماترلیزمییەکان ، کە ماخی بازارۆف بێت بۆ نموونە ، وەک من چۆن بووم دژ بە بایکۆتکردن ، و وتارێکی داشۆرینی ( هجو ) نووسی لە ( پرۆلیتاریا ) لەسەر ئەم بابەتە .

ڕێگرتن لە پەیرەوکردنی تەکتیکی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێرانە لەبەر هۆی گفتوگۆ دەربارەی ماتریالیزم و ماخییزم دەبەنگییەکە ، کە لە روانگەی منەوە لێبوردنی نییە . لەسەرمانە مشتومڕ بکەین لە کێشمەکێشەکانی فەلسەفە بە شێوەیەک کە کار نەکاتە سەر یەکێتی ( پرۆلیتاریا ) و بەلشەفیک وەک باڵێک لە حیزب ، و ئەمە کارێکە بەتەواوەتی ئەتوانرێ ئەنجام بدرێ .

بە بروای من ئەرکی تۆ یارمەتیدانمانە لەم بووارەدا . و توانات هەیە کە یارمەتیمان بدەیت بەکارکردنت لەگەڵماندا لە ( پرۆلیتاریا ) ، و بەشداریت لە مەسەلە بێلایەنەکاندا ( مەبەست ئەو مەسەلانەی کە هیچ پەیوەندیان بە فەلسەفەوە نییە ) ، وەک بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی و وتارە کۆمەڵایتییەکان و داهێنانی هونەری هەتا دوای . ئەبێ دووبارە وتارەکەت دارشیتەوە ، مانای ئەوەیە کە هەرچی پەیوەندی بە فەلسەفەی بۆغدانۆفەوە هەیە بیگوێزیتەوە بۆ شوینێکی تر ( ئەگەر پەیوەندییەکی راستەو خۆیشی نەبێ ) ، ئەگەر بتەوێ ڕێگە لە جیابوونەوە بگری ،و یارماتیمان بدەیت بۆ بەرتەسککردنەوەی شەرە نوێکە .

مەودای ترت هەیە لە خوا بەزیاد بێت ئەتوانی تێیدا بنووسی جگە لە پرۆلیتاریا . هەروەها ئەتوانی لە سەر هەموو شتێک بنووسی کە پەیوەندی بە فەلسەفەی بۆغدانۆفەوە نەبێ _و بەشێک لە وتارەکەت پەیوەندی پێوە نییە _ لە هەندێ وتارەکانی ( پرۆلیتاریا ) .

هەر ڕەفتارێکی تر لەلاینتەوە ، بەمانی هەر بەرپەرچدانەوەیەکت لە دووبارە چاوپێخشاندن بە وتارەکەتدا یان بەرپەرچدانەوەت بۆ بەشداری کردن لە (پرۆلیتاریا ) ، بە بیروباوەری من ئەبێتە هۆی فراوانبوونی توندوتیژی لە کێشمەکێشەکانی ناو بەلشەفیکییەکان ، و ئەبێتە هۆی ڕێگرتن لە بەرتەسککردنەوەی ناکۆکییە نوێکان و لاوازکردنی مەسەلە زیندووەکانی سۆسیال دیموکراتییەکانی روس کە لەڕووی پراکتیک و سیاسییەوە زۆر پێویستە .

ئەمە بیر وباوەری منە . ئەوەی بەبیرما هات بۆتم نووسی لەسەری ، منیش چاوەڕێ وەڵامتم .
ئارەزوومان لێبوو کە ئەمرۆ سەردانیت بکەین بەڵام بۆمان دەرکەوت ئەبێ دوای بخەین بۆ هەفتەیەک یان دوو هەفتە یان سێ .
دەستەکانت بە توندی ئەگوشم
لینینەکەت

---

پەراوێزەکان
بەرگی 47 لا 141 –145
11– مەبەستی وتارەکەی گۆرگییە (( تێکشکانی کەسایەتی ))
12–مەبەست پەڕتوکەکەی لینینە (( هەنگاوێ بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوەوە ))
13–مەبست پەڕتوکی بۆغدانۆفە (( ئەزموونگەری یەکلایانە ))
14 کۆمەڵێ لەو وتارەنەیە کە لۆناتشارسکی و بۆغدانۆف و شوتلیاکۆف وهەندێکی تر نووسیبویان ، و لە ساڵی 1904 لە بترسبۆرغ بەچاپ گەینرا . لەم کۆمەڵەدا هەردوو وتارەکەی لینین و بلیخانۆف بڵاو نەکرایەوە .

تێبینی :– بەداخەوە وشەیەکی پرپێستی ئەم دوو زاراوەم نەدۆزییەوە ، اللاادریە و وضعیین